هەندا باڵیۆزخانەی وڵاتێکی لە تاران و کونسوڵخانەکەی لە هەولێر دادەخات

وەزارەتی دەرەوەی هەندا لە ماڵپەڕی فەرمی بەاوی کردووەتەوە بەهۆی گرژیی و هەڕەشەکانی ئێران و ئیسرائیل لە یەکتری، بڕیاری داوە بە ماوەیەکی کاتیی سبەی یەکشەممە، باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە تاران و کونسوڵخانەی گشتیی هەندا لە هەولێر دادەخرێت.

هەروەها سەرجەم دیدار و چاوپێکەوتنەکانی وەرگرتنی ڤیزا و مامەڵەکانی گەشتکردن بە هەندا، لە تاران و هەولێر هەڵوەشاندووەتەوە و ڕایگەیاندووە: خشتەیەکی دیکە بە وادە و چاوپێکەوتنەکان دیاری دەکەنەوە، بەڵام سبەی یەکشەممە بڕیار دەدەن داخرانەکە بە ڕۆژی دووشەممە (15ی نیسانی 2024) بەردەوام دەبێت یان نە، ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی گیانی کارمەندانی هەردوو نوێنەرایەتییەکە.

وەزارەتی دەرەوەی هەندا بەهۆی هەڕەشەکانی ئێران لە ئیسرائیل دەخی عێراق لە سەر نەخشە دیاری کردووە و ئاماژەی داوە، کە دەخی هەرەمی کوردستان بە پرتەقاڵیی و تەواوی ناوچەکانی عێراقیشی بە سوور دیاری کردووە.